# دوو یەکەی نیشتەجێبوون بۆ ئاوارەکانی شەنگال درووست دەکرێن

ئەمڕۆ سێشەممە، نوسینگەی سەرۆک وەزیرانی عێراق بڵاویکردەوە، لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیراندا بە پابەندکردنی وەبەرهێنەری پاڵاوگەی کەرکووک بە بەرهەمهێنانی نەوتی سپی بەڕێژەیەک کەمتر نەبێت لە 80%، ئاماژە بەوەش کراوە، لەبارەی باردۆخی ناوچەی شەنگالەوە بڕیاردرا بە دابینکردنی ئاماری ورد بە وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق لەسەر ئەو خێزانە ئاوارانەی لە کەمپەکاندا نیشتەجێن لە پێناو دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆیان.

ئەوەش خراوەتە روو، دوو پارچە زەوی تایبەت لە ناوچەی شنگال تەرخان دەکرێت بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون بۆ ئەو ئاوارانەی تاوەکو ئێستا لە کەمپەکاندا نیشتەجێن بۆ گەڕانەوەیان.